# هەستانەوە لە ناو تەمدا



گۆریان

## کاراکتەرەکان

* کەسی یەکەم: لاوێکە تەمەنی لە (٢٠) ساڵیدایە ... گەریدەیە بە دووی ڕاستییەکان.

* کەسی دووەم: شێتێکە!! قوڵیی تێگەیشتنی ئەو لە چەمکەکانی ژیان بەدەرکەوتنی شێتی لێکەوتووەتەوە.

* کەسی سێیەم: کچێکە حیکایەتخوانە (ڕاوی) دەنگێکی حەقیقییەو بە ئیحساسێکی شاعیرانە دەدوێت.

* کەسی چوارەم: باوک... تەمەنێکی زۆری هەیە و چاوەڕوانی بەهۆشهاتنەوەی کچەکەیەتی.

* کەسی پێنجەم: کچێکی منداڵە و تەمەنی (١٠) ساڵانە لە هۆش خۆیچووە.

## شوێن:

لە دیواری ناوەڕاستدا تابلۆیەک هەڵواسراوە، لە لای ڕاستیش سێدارەیەک، وە لای چەپی شانۆش دەمی حوتێکی گەورە، سەرەتا ڕووناکییەکی تاریک دەدات لەسەر یەکەکانی شانۆ و مۆسیقایەکی ترسناک لەسەر هەر یەکێک لە یەکەکانی شانۆ دەبیسترێت.

فەزای شانۆش هەر هەمووی ڕەش ڕەشە.

**کەسەکان:**

کەسی یەکەم: لە تەنیشت تابلۆی دیواری ناوەڕاست بە ئاوەژوویی، واتە دەستەکانی لەسەر زەوییەو قاچەکانیشی بە ئاسمانەوە لە تابلۆکە دەڕوانێت.

کەسی دووەم: تەنەکەیەکی بچووکی پێیە و لە دوو دیودا وێنەیەکی دەسکردی خۆی پێوەیە، یارییەکی کۆمیدی پێدەکات و چاودێری دەکات لەوەی کەس ژەنگو ژیواری تێفڕێ نەدات.

کەسی سێیەم: لە دەرەوەی شانۆ ژیان چاوەڕوانی دەکات و بە هەمیشەیی لە کاتی پێویستدا پەیڤەکانی ژیان دەڵێتەوە.

کەسی چوارەم: باوکێکە بەسەر جەستەی کچەکەیەوە کە لە هۆش خۆی چووەو چاوەڕوانی هەستانەوەیەتی.

کەسی پێنجەم: کچێکی منداڵە و لە هۆش خۆی چووە لە کۆتایی شانۆکەدا هەڵدەستێتەوە.

*کەسی یەکەم: (دە......م.....ت....دا..خە)

-سەخت و تووشی زستان پەیدا بوو.. ڕەهێڵەکان سەری خۆیان بۆ شەقامەکان هەڵگرت و دواجار هاتینە بوون.. گەورەبووین.. گەورەتربووین، گەورەتر بە قەد باڵای مرۆڤ بوون.

-(دە......م.....ت....دا..خە)

-ڕۆژانە بوونی مرۆڤایەتی دەهەجوین، بەکەڵبەکانت دەیان هاڕین

-(دە......م.....ت....دا..خە)

-بە ئیرادەی نەگریست، بەو هەموو هستریاوە..ژیانت چڵکن چڵکن کرد، تۆ ئەی بەربەریەت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورەو گەورەتر ئەبێت لە بازنەی گەورەیی تۆشدا ژیان بچووک .. بچووک ئەکەیتەوە.

*کەسی دووەم- شێتە:

-(ئا .. ها بیرم کەوتەوە.. ئێوە گەلێ هۆشیارن، خاوەن توانا و بەهرەن.. ئەرێ.. ئەرێ دەشێ وابێ!!

نەخێێر، بێگومان وایە، دێن بۆلامان و هەموو شت دەگۆڕن، دواجار ژیان دەکەن بە قەسیدە چۆن یەکەکان..

(پێدەکەنێ... دیسانەوە پێدەکەنێ)

-کەسی سێیەم-ڕاوی:

سەر دەبڕێن و پێدەکەنن

دەدزرێن و پێدەکەنن

لاشەی مردووی باوکیان

دەبینن و پێدەکەنن

بێحورمەتی بوون

ڕەحمیانەتی پێکەنینە و

پێکەنینیش زاووزێ دەکا

سەیرکەن ئەسپەکانی ئێمە

یاڵەکانیان قرتاوە و هەر سەما ئەکەن

ئەسپەکانی ئێمە دەڕۆن

بەسەری نیشتمانەوە باڵئەگرن

-کەسی یەکەم- لەبەردەم پەتی سێدارەکە:

-(با..نە..ت..ب..ی.. نم)

-(ساقیا ئەم چەماوە داخراوە، بەم هەموو مەرگە مەست نابێ، شەپۆلەکانیش کاتێ دێن هەرچی بووکە شووشــە هەیە وەک کۆرەو ســەر هەڵدەگرن، ئەم جوامێرەش لەو تەلارە بەرزانە بۆ خۆی گۆرانی دەڵێ.. چی تۆ رائەماڵێ ..هیچ .. باوەڕناکەم..هیچ.

*کەسی سێیەم-ڕاوی:-

مەرج نییە

مەرج نییە

گەر لافاو هات

کەشتی نوح ڕزگاری ئەبێ

کێوە لووت بەرزەکان

دەخنکێنرێن.

-کەسی دووەم-شێتە:

-((ئەوان- (ئاماژە بۆ تابلۆکە) جوامێرەکانی مێژوو وەڵام دەدەنەوە (بۆ لای باوک و منداڵە جوامێرەکانی مێژوو وەڵام دەدەنەوە))

-بۆ لای تابلۆکە ڕەشاییەکە دەبا

-کەسی یەکەم:

-بۆ....بۆ.... بێ مێشک؟

-کەسی دووەم- شێتە:

ئەی چی بکەم؟

-کەسی یەکەم-بە ئاماژە دەیبات بۆ لای نەهەنگەکە+پەتی سێدارەکە)

-کەسی دووەم-شێتە:

-پاشگەز نابمەوە، هەر هەموویان ڕەش دەکەم بەڵام.. بەڵام تابلۆکە ئەو تابلۆی لێوان لێوە لە بۆگەنیی، بۆ یەکەمین جار ڕەش دەکەم، گوێت لێبوو.. گوێت لێبوو...

(لێرەدا وەستانێک دروست دەبێت و

ئەکتەرەکان بە هەناسە دەدوێن)

-کەسی پێنجەم- باوک:

-هانــا بــۆ کوێ ببەم- هەموو ڕۆژێ کۆتەڵ دەگێڕم- پێویســتە ئێوە بزانــن کۆتەڵی من هەر بۆ مردنە، کۆتەڵی من هەر تەواو نابێ- من دەریایەکی مەنگ بە دیار ژیانەوە هەستاوم، خۆم لەگەڵ خۆمدا هاوڕێیەتییم هەیە..

دەمەوێ بڵێم کائینێکی زۆر تەنیام.

دوێنی کە ڕۆیشتم لەبەر دەرگایەکی کڵۆم دراودا وتم بە پاسەوانەکە: بمبورە ئێرە ئەو نەخۆشخانەیە کە بێهیواییان کردە ڤایرۆس، ئەگەر ئەو نەخۆشخانەیە ناتوانم ئەو کۆرپەیە دابنێم بۆ جارێکیتر بڵێم:- جەنابی نۆشــدار ئەم کۆرپە چاو گەشــەم شــەو بە دەم خەوەوە ڕێئەکات و لە پاشــاندا نازانێ چۆن بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، ئەسڵەن شکنابەم جۆرە دەرمانێک لەم جۆرە.

-ئێوەش بەڕێزان داوای لێبوردنتان لێئەکەم- پێئەچێ لە بەڵاکانی ئەم ڕۆژگارەم نەزانن، من باوەڕم وایە

هەر دەبێ ئەگەر بۆ تەنها جارێکیش بێت بنیادەم نەخۆش بکەوێت.

ئەمن سکالا لە دەست دکتۆرەکان ئەکەم ئەوانەی کچە نازدارەکەمیان بەم دەردە برد، بە دروستی سەر گوزشتەی ئەم کچەی من ئاوەهایە...

-ئەم کچە تاکو تەنهایەم لای دایکی نییە و... دیسانەوە ببورن زۆرێک لە تەمەنی لە نازی دایک بێبەشە و زۆر بە ڕاستی لە دایەنگەیەو دایکێکیتری کە لە یەککاتدا دایکی کچەکەی من و چەندەها کچی ترە.

*ک دووەم- شێتە:

باش بزانن هەرگیزا و هەرگیز ئەگەر چی ئەو دایکە لە زۆر دایکیتر بکات، بەڵام بە تەنها لە دایکی من نا.... دایکی من نەسلی دەڕواتەوە سەرخاک.

*ک پێنجەم-باوک:

هەر چۆنێک بێت کچەکەم تووشی ئازارێکی بچوک...بچوک هات... ئازاری ئەم کۆرپەی منیش پەتایەک بوو، سەراپا دونیای گرتبوو لەگەڵ ئەوەشدا بەدبەختێکی وەک من نەبێ، کەس تووشی ئەم تەنگەژەیە نەبوو.

با بەڕوونی قسە بکەم، ئەم منداڵەی من تووشی بێهۆشی بووە، لەگەڵ تاریکیدا هۆش دەکاتەوە، لەگەڵ ڕۆشناییدا بە تەنها خۆم ئێشکی دەگرم،

*ک-دووەم –شێتە :

من پێموایە یەکێک لە هۆکارەکان خیانەتی دکتۆرەکان بوو بێت/خیانەت لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوان پێش تەسلیمکردنی بڕوانامەکەیان سوێندی یاساییان نەخواردبێت، ڕەنگە هەندێک لە دکتۆرەکانیش سوێندی یاساییان خواردبێت، بەڵام گرفت لەوەدا بووە کە باوەڕیان بە پیرۆزیی سوێند خواردن نەبووبێت،

*ک پێنجەم-باوک:

دایکی منداڵەکانیشم زیندانییە.. نا.. ناشووی کردووە... نەخێر هەیەو نییە.... هەر چۆنێک بێت لێرە حزوری نییە، ڕەنگە ماڵێکی هەبێت لە سۆمای چاوماو، بەڵام من پەی پێنەبەم.

ئەی خوایە گیان ئهو خەڵکە لە من ناگەن کاتێک دەڵێم هەیە و نییە...

منداڵەکانیشم سەرگەردان هەڵگەڕان بەسەر قامیشێکەوە ڕۆیشتن و هەر نەگەڕانەوە

*ک-دووەم-شێتە:

بە دەم هەراکردنەوە

بە قوربان ئەوە منم بێ قامیش ڕۆیشتم و هاتمەوە....ئەرێ هاتمەوە (پاشان تێڕادەمێنێت و دەست دەکات گریان)

*ک-پێنجەم-باوک:

خۆشم بومەتە پووش و پەڵاشێک کە بە دەم ڕەشەباوە نازانم بەسەر تەلی چ درەختێکەوە سکونەت دەگرم... (بە گریانەوە) سکونەت...نا...نا... هەرگیز شتی وا نابێت.

*ک-دووەم –شێتە:

(بە شێوازێکی کۆمیدییەوە) دۆزیمەوە نهێنییەکم دۆزییەوە نهێنی بیردۆزەکەی ( ) م بیرکەوتەوە.

*ک سێیەم-

بەقوربانتبم بفەرموو تا بزانیت بیردۆزەکەی ( ) دەڵێت چی؟

ک-دووەم:

بیردۆزەکەی ( ) دەڵێت لە هەر شوێنێک پاڵەپەستۆ کەمبوو ڕاستەوخۆ پاڵەپەستۆیەکی بەهێز دێت و ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە، دەزانیت باسی چی دەکەم؟ ئەی بەڕێزم تۆش دەزانیت باسی چی دەکەم.....

*ک-یەکەم: ئەمڕۆ شنەبای ئاشتی لە هەرێمی شێتەکانەوە هەڵدەکات.

*ک-دووەم-شێتە:

مەبەستم لەوەیە کە ئالەم زەمینە سیاپۆشەدا (بەدەمگریانەوە) گەر پاڵەپەستۆ لەسەر زەوی کەمبوویەوە ئەو کات پاڵەپەستۆ لەسەرەوە دێت و دواجار گێژەڵوکە دروست دەکات (دەنگی گێژەڵوکە ئەمیش لەگەڵیدا سـوورِ دەخـوات) تۆش ئازیزەکەم کاتێک گێژەڵوکە دروسـتبوو، چی تەپوتـۆز و وردەکاغەز و پەڕۆکۆن هەیـە لـە قەدو باڵات دەئاڵن و دواجار پیسـو تۆزاوی دەبیت/ کاتێکیش ڕۆشـتیتەوە بۆماڵەوە دایکت لێت زویر دەبێت و بەر نەفرەتت دەدات، دەزانی بۆ؟ لەبەر ئەوەی بویت بە مرۆڤێکی چڵکن- مرۆڤێکی قێزەون- چەپەڵ- (بە دەم سەماوە سەری تەنەکەکە دەگرێت و دەڵێت) نهێنی.. نهێنی هەموو ڕۆژێک، هەموو ساتێک گەر بمانەوێ ژیان دەدۆزینەوە.

*ک سێیەم-:

ئەی ئەمە چییە بە دەستەوە (لێی دەفڕێنێت):

*ک-دووەم-شێتە:

بمدەرەوە، بمدەرەوە... بمدەرەوە ئەوە کاسـە سـەرمە بە دەستی خۆمەوە دەیگێرم و چاودێری دەکەم، لەبـەر ئـەوەی کەس شـتی پیس و بۆگەنـی تێفڕێنەدات، چونکە دڵنیـام دواجار منداڵە لاسـارەکان دێن و دەیانەوێت ناسنامە و باری شارستانی فڕێدراویان لەم تەنەکەیەی مندا بدۆزنەوە.

*ک –یەکەم:

لـەم تەمتومانـە ڕێدەرناکەین و پێدەچێت گیان لـە لە حزەیەکدا باڵ بگرێ و ببێتە خاوەنی شکسـترین فڕین-

-(دەڕوات بۆ لای باوکەکە تۆ عەودالی کچە شـیرینەکەت، منیش بەم هەموو ئافاتەوە گەڕیدەی کولوی حەقیقەتمە و هەر نابارێت.

*ڕاوی:

ئەوان کە هاتن

بەدەم مەرگەوە سەما دەکەن

شوێنێکت نەماوە چرنوکی ئەوانی پێوە نەبێت

دەشیانەوێت ڕۆحیانەتی پاکیشت بدزن

دزیش کەی فێری ئەوە دەبێت

بۆ خاوەن ماڵ شیوەنگێربێت

ئازیزانم ئێوە ئێستا لەم مسافیرخانەیەدا بە تەنها

گۆرانی دەڵێن

-(بۆ جارێکیتر)-

بـە چاوی خۆتان هەموو شـتێکتان بینی – لـە یەکترازانی جەمسـەرەکان ... نزیکبوونەوەی دزەکان.... تریفەشـیان بە شـەوگارەوە شـاردەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە تەرمی ئەم کیژە جوانە نەنێژراوە، لە هەموو سەردەمێکیشدا (عیسا) ناوێک هەیە و مردوو زیندوو دەکاتەوە..سەرتان سوڕ نەمێنێت کاتێک دەڵێم مردوو زینـدوو دەکاتـەوە پێئەچێت ئەو (عیسـا) یە من بـم... پێدەچێت تۆ بیت، یان ئەو مرۆڤە گەورەیەیە هێشـتا

بەیانی باشی لە ژیان نەکردبێت.

- ........ (ئاوازێک)..........

چارەسەرێک فریاکەوە

تەرمی کیژە بابۆن نەکات

دەستەوسانیی هەتاکوکەی

ئەو هەتوانە چارت ناکات

وەکو هەتیو ماڵێک نەما ڕووی گەشمانی پیدا نەکەین

زەرد هەڵگەڕاین بێسەر پەرشت یەکو یەکمان هەر هیچ دەکات.

-دیسانەوە کۆرس-

- * ک پێنجەم- باوک:

لە یەک کاتدا دوو مرۆڤم- مرۆڤێکیان هەستدەکەم سەر خوانێکم هەیە لەسەر سەنێرگەیەک کەتا پێش گاڕەش بۆگەنی هەڵدەقوڵێت، مرۆڤەکەی تریش لە کۆڵانە گچکەکانی کاسە سەرمایە، بەڵام سەرێکی لانەواز.

ئەمێستا ڕوو لە کوێکەم، لەم سەرابستانە حەزیایی تنۆکێک ئاوم، تاوەکو ڕۆی کەمە گەرووم .. ئا...و خۆزگە دەمزانی چاوە ئاڵەکانی ئاو لە کوێیە.

* ک - دووەم-شێتە:

- بەم بیابانە چەند سەرەڕۆیت، بیابان عیشقی لەگەڵ سەرابا هەیە و تۆش نەسڵت دەچێتەوە سەر بەرد، لە نێوان دوو بەردیشدا سەرچاوگەیەک هەیە، زۆر جار مێژوو لەسەر بەرد نووسراوە-

- وەرەو ئەم کانییە ڕۆکەینە مەزراکان، مەزراکان لە چاوەڕوانیدا زویر بوون

- (دەست دەکات بە گریان)

* ک- پێنجەم- باوک:

* - دیسانەوە گریانی تۆ، زۆر جار گریان ئەوپەڕی بێمانایی بوونە.

* ک- دووەم-شێتە:

* - من لەوە دەترسم ئەو ئاوە زوڵاڵە، کاتێک گەیشتە ئێرە، ئەم زەمینەی ڕەش و قەترانییە سپی.. سپی دەبێ.

* ک- پێنجەم- باوک:

- جا ئەوە کارێکی زۆر باشە

* ک- دووەم-شیتە:

- نا ئەی ئەو شوێنەی ئەم بۆگەنییەی ئێرەی بۆ دەچێت، کەی ڕەوایە بە دەردی ئێمەوە گرفتار بن؟ کەی ڕەوایە لە ژیانی ئەوێدا مەنزڵگەیەک نەبێت قەسیدەیەکی تیا بخوێنینەوە بۆ مەعشوقەکانمان-

- (بە دەم سەماوە) بە ڕووتی و بەژێر بارانا ڕێ ئەکەم

- ئۆ....خەی، بیرم کەوتەوە، ئاوە زوڵاڵەکە گەر هات، هەموو شتێ لە ناو خۆیدا سپی دەبێتەوە. ئەو کات ئاویترین عیشق بۆ ژیان زاووزێ دەکات.

- دارە... دارە، ژیانی دۆستم پێبگرە بەهارە

دارە...دارە، نیشتمانی من پێبگرە.. ئیدی نۆبەی گەمەی خۆمانە

عیشقێ هەیە بۆ ناسین

چاوێک هەیە بۆ خوێندنەوە
گریانێک هەیە بۆ سەوز بوون

* ڕاوی -
ئیدی هۆشیار بنەوە
گوێ بۆ گۆرانی گوڵەکان بگرن
ڕاستە شەوگارە ئێستا
بەڵام ئاسمانێکمان هەیە
چواردە تریفەیی
ئیدی ئەتوانن بە توولە ڕێگەکاندا گوزەر بکەن
سەیرکەن چەند جوانە ئەم پەیڤانە
سەیرکەن چەند جوانە ئەم گیانە پاکیزەییەی ئیمە
ڕێکەن- تا ئەتوانن ڕێکەن
ماچ ببەخشنەوە بۆ یەکتر
ئەوا ژیان گەشتە لای ئێمە

